بێژەن کامگار:

ئێمە هەردەم لەبیری ئەوەداین بەئەندازەی وزەو توانای خۆمان ستایلی کارەکانمان بگۆڕین

دوای سەردانەکەیان بۆ کوردستان و شاری هەولێر, رۆژی شەممە 2005/8/6 گروپی مۆسیقای کامگاران لە کۆنگرەیەکی تایبەتیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی هۆتێلی شیراتۆن لە شاری هەولێر, بۆندێکیان لەگەڵ کۆمپانیای چوارچرا مۆرکرد بۆ بڵاوکردنەوەی دواین ئەلبومیان کە بەم نزیکانە بڵاودەبێتەوە, لە دەرفەتێکدا سەبارەت بەم ئەلبومە تازەیان بە پێویستمانزانی هونەرمەندی گەورەی کورد (بێژەن کامگار) بدوێنین و ئەم چەند پرسیارەمان ئاراستەی کرد..

ئا/ زیاد کەریم

-ئەلبومە تازەکەتان لە چەند بەرهەم پێکهاتووە؟

+ئەلبومەکەمان لە (حەوت) دانە گۆرانی پێکهاتووە, کە پێنج دانەیان نوێیە بەشێوەیەکی تازە رێکخراوە, کە تەواوی گروپەکە بەشداری تێدا دەکەن, یەك لە بەرهەمەکانی تر (3) دانە ئاهەنگمان تێکەڵ کردووە (شانۆ, کابوکی, شلێرە) بەشێوەیەکی نوێ.

-لەم ئەلبومەدا شیعری چ شاعیرێکتان هەڵبژاردووە؟

+دوو دانەیان یەکێ لە شاعیر گەلی هاوشاری خۆمان نووسیویەتی بە ناوی ئاغای (ئەرخەوان) دانەیەکیان شاعیرێکی تورکی بە ناوی ئاغای (سەولدار) نووسیویەتی, باقیەکەی تر فۆلکلۆرە.

-ئەی ئاوازەکان کێ کاری بۆ کردووە؟

+چوار پێنج دانەی بەپێی شیعرەکان (هۆشەنگ)ی بۆ گەورەکەمان دروستی کردووە, دوو دانەش (گوڵشەنگ و ئەرسەلان) بە شێوازێکی سەردەمیانە کاریان لێ کردووە, باقیەکەی تر فۆلکلۆرە.

-بەنیازنین لەم سەردانەتان کۆنسێرت لە شارەکانی کوردستان سازبکەن؟

+کۆنسێرت شێوازی تایبەتی خۆی دەوێ, لەم وەرزی هاوینە ئەگەر ئێمە هەزار کەس بێنینە ناو هۆڵ هەواکەی خۆش نییە ئەزیەتە بۆ جەماوەرو بۆ خۆشمان, سازدانی کۆنسێرت زیاتر لە وەرزەکانی زستان و بەهار خۆشە, بۆیە لەبەر گەرمای هاوین و نەبوونی ئامێری فێنککەرەوەی پێویست نەمانتوانی کۆنسێرت بگێڕین ئەگینا ئێمە ئامادەبووین کۆنسێرت بکەین.

-چ پەیامێکتان بۆ شاری هەولێر هەیە؟

+پەیامی من عیشق و میهرو مەحەبەتە بۆ خەڵکی هەولێر بەڕاستی خۆشحاڵم کە ساڵێ لەمەوبەر هاتوومەتە هەولێر, ئەمڕۆ هەولێر دەبینم بە جۆرێ گۆڕاوە, لە هەموو رووییکەوە پرۆژەی زۆری لێ ئەنجامدراوە, ئازادی هەیە, من لەو بڕوایەدام شەش حەوت ساڵی تر هەولێر شان لە شانی شارە ئەوروپی و عەرەبییەکان دەدات.

-ئەی لە دەرەوەی وڵات بە نیازنین کۆنسێرت بکەن؟

+دوای ئەوەی دەگەڕێینەوە بۆ تاران کۆمەڵێك کاری هونەریمان لەبەردەستدایە دەبێ تەواویان بکەین, دواتر لە ئەڵمان و سویدو ئیسپانیاو چەند وڵاتێکی تر کۆنسێرت سازدەکەین.

-بەو پێیەی خوشك و براکانت زۆربەیان لە دانشگان و کاری تایبەتی خۆیان هەیە, ئایا لە کاتی سەفەر بۆ کوردستان و دەرەوەی وڵات گرفتتان بۆ دروست نابێ؟

+نەخێر ئێمە لە کارە هونەریەکانمان هەماهەنگی دەکەین, ئێمە جیاجیا کاری خۆمان دەکەین, ئەو کاتەی کە گەرەکمانە کۆببینەوە بەیەکەوە کارێك ئەنجام بدەین, ئیتر کارەکانی ترمان رادەگرین وەختێ من هاتمە کوردستان لە نێو کارێکی خۆمدابووم بەڵام بەهۆی ئەم سەفەرەوە کارەکەم راگرت ئێمە وەك گروپی کامگاران بڕیارماندا وە هەر بەرنامەیەك بێتە پێش واز لە کارەکانی ترمان بهێنین, بەرنامەکە جێبەجێ بکەین.

-هەوڵتان نەداوە لەمەودوا ستایلی کارە هونەریەکانتان بگۆڕن؟

+ئێمە هەردەم لە بیری ئەوەداین بە ئەندازەی وزەو توانای خۆمان ستایلی کارەکانمان بگۆڕین, شایەد ئەوبەرهەمەی کە چوارچرا بڵاوی دەکاتەوە تەواوی نوێکارییە ئێمە لە بەرهەمی ئەمجارەمان میوانێکی ترمان زیادکردووە بە ناوی **(شەرمین)** لە بەرنامەشمان دایە بۆ ئایندە کاتێ منداڵەکانمان گەورە دەبن بیانهێنینە ناو گروپەکەمان بۆ ئەوەی فراوانتربێ.